سەنتکەم و عێراق دەنگی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی ئەمریکا لە بەسرە ڕەتدەکەنەوە



فەرماندەی فەرماندەیی ئەمریکا-سەنتکەم و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی عێراق دەنگی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەمریکی لە بەسرە ڕەتدەکەنەوە.

فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا-سەنتکەم لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەو دەنگیانەی ڕەتکردونەتەوە کە گوایە فڕۆکەیەکی جەنگی ئەمریکا لە سنوری پارێزگای بەسرەی باشوری عێراق کەوتبێتە خوارەوە.

سەنتکەم وتوشیەتی، ئەو دەنگیانە تەواو ناڕاستن.

هاوکات فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی عێراق لە بەسرە لە ڕاگەیەندراوێکدا دەنگی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی ئەمریکای لە پارێزگای بەسرە ڕەتکردبتەوە. وتوشیەتیە"ئەو دەنگیانە هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە."

شەوی رابردو میدیا نۆوخەییەکانی عێراق باڵاویان کردەوە کە لە بەسرە دەستکراوە بە گەڵان بەدوای فڕۆکەوانێکی ئەمریکی ئەوەش لەدوای کەوتنە خوارەوە فڕۆکە جەنگییەکەی لە سنوری پارێزگاکە.